# دابڕانێکی ترسناک له نێوان جه‌ماوه‌رو ده‌سه‌ڵاتی سیاسیدا

كامه‌ران مه‌نتک
هه‌ولێر

سه‌یره‌ . کاتێک میلله‌تێک به‌ده‌یان ساڵ خه‌بات له‌ پێناو ده‌سه‌ڵاتێکی سیاسی خۆماڵی ده‌کات و قوربانی بۆ ده‌دات، هه‌ر که‌ ئه‌و خه‌ونه‌ بێته‌ دیو جڵه‌وی حوکمی بکه‌وێته‌ ده‌ست، بروسکه‌ ئاسا بۆ دواوه‌ وه‌رچه‌رخێ‌و له‌ هه‌موو پره‌نسیپه‌ بنه‌ڕه‌تی و سه‌ره‌کیه‌کانی خۆی دوور که‌وێته‌وه‌. . وه‌ک بوونه‌وه‌رێکی نامۆ به‌ بیرو ئایدۆلۆژیاو داب و نه‌ریتی میلله‌ته‌که‌ی خۆی ره‌فتار بکات! که‌شکه‌ک سه‌ڵه‌وات بۆ بێخه‌به‌ران بنێرێ و ئه‌و له‌ دۆڵێک و جه‌ماوه‌ر له‌ دۆڵێکی تر دابێت!!! له‌شێوه‌ی ده‌سه‌ڵاتێک دا خۆی بنوێنێ، که‌تا سه‌ر ئێسقان ڕق و کینه‌ی به‌رامبه‌ر گه‌له‌که‌ی خۆی هه‌ڵگرتبێ و بێ بڕوای و متمانه‌یی له‌ نێو خوێنیدا هاتوو چۆ بکات. . گیانی تۆڵه‌ سه‌ندنه‌وه‌ی تیادا فراژی بووبێ له‌به‌رامبه‌ر ئه‌و هه‌موو گیان فیداکاری و قوربانی دانه‌ی، له‌ پێناویان داوه‌! نه‌ک هه‌ر له‌ ئاستی به‌ر پرسیاریه‌تی مێژوویی قۆناغه‌که‌ی خۆی نه‌بێت. بگره‌ به‌ شێوه‌یه‌کی ترسناک له‌کاروان دابڕابێ‌و که‌وتبێته‌ دواوه‌ی ئه‌و جه‌ماوه‌ره‌ش، که‌ پێویسته‌ ئه‌و سه‌رقه‌تاریان بێت و به‌ره‌و ترۆپکی شارستانیه‌ت و دامه‌زراندنی کۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نیان به‌رێت. . !!!

سه‌یره‌ . ده‌سه‌ڵاتی سیاسی کوردی ئه‌مڕۆ به‌شێوه‌یه‌کی وا ڕه‌فتار ده‌کات، وه‌ک ئه‌وه‌ی له‌ نێو ژان و ئازاری ئه‌و میلله‌ته‌ دا هه‌ڵنه‌قوولا بێت. پشتیان له‌و فواره‌ی خوێنه‌ کردووه‌و فه‌رامۆشیان کردووه‌، که‌ به‌سه‌ر ئه‌ودا به‌ دوندی ده‌سه‌ڵاتدا هه‌ڵزناون. دزێوانه‌ به‌رامبه‌ر ئه‌و ڕووه‌ ناحه‌زانه‌ ده‌گرژنه‌وه‌، که‌تا دوێنێ خوێنی گه‌نجانی کوردیان ده‌مژی و کراسی ئافره‌ت و ده‌رپێ خوتبه‌ی پیره‌مێردانیان ده‌کرده‌ سفره‌و خوانی دوژمنان و بازرگانیان به‌سه‌رو جامانه‌ی پێشمه‌رگه‌کانی کوردوستانه‌وه‌ ده‌کرد!

ده‌سه‌ڵاتی سیاسی کوردی، ئه‌مڕۆ زۆربه‌ی ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی خستۆته‌ هه‌ڵوێستێکی واوه‌، له‌و قۆناغه‌ ناسک و هه‌ستیاره‌دا، خۆیان دووره‌ په‌رێز بگرن و به‌شه‌رم و له‌نگی بزانن بچنه‌ پاڵ ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌وه‌. دوچاری جۆره‌ نامۆبوونێکی سه‌یری کردوون، له‌ شۆڕش و خه‌باتی هاوچه‌رخانه‌. ڕوانگه‌یه‌کی وای لا چێ کردوون، ته‌نانه‌ت گومان له‌ کوردی بوونی ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌شدا بکه‌ن!!! جێگای شه‌رم و شووره‌ییه‌، ئه‌مڕۆ ده‌سه‌ڵاتی سیاسی کوردی، دڵسۆزو خزمه‌تکارانی دۆزه‌ ڕه‌واکه‌ی، له‌ دیدی ئه‌و که‌سانه‌وه‌بخوێنێته‌وه‌و هه‌ڵسه‌نگێنێ، که‌ ده‌م و چاوی ئه‌من و سیخوڕه‌کانی دوژمنیان، به‌پرچی کاڵی کچانی شۆخ و شه‌نگی کوردان و داده‌پۆشی! به‌درێژایی مێژووی فه‌رمانڕه‌وایی، نموونه‌ی ئه‌و شێوه‌ ده‌سه‌ڵاته‌ زۆرکه‌مه‌، که‌به‌ماوه‌یه‌کی هێنده‌ کورت، به‌خ و له‌خۆبایی بووبێت و به‌م چه‌شنه‌ پشتی له‌ میلله‌ته‌که‌ی خۆی کردبێ، ئه‌و میلله‌ته‌ی که‌ دوێنێ. ئه‌مڕۆ. . ڕه‌نگ بێت به‌یانیش، له‌سه‌ر خوێن و جه‌سته‌ی ئه‌ودا بله‌وه‌ڕێ. به‌م شێوازه‌ ناشارستانیه‌و دوور له‌ گیانی سه‌رده‌م، مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵدا بکات و هیچ حسێوێکی بۆ نه‌کات!!!

ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ له‌ هه‌موو شتێک ترسناکتره‌ و گلۆپی سووری بۆ سه‌ر دۆزی کورد دایساندووه‌، ئه‌و دابڕانه‌ مه‌ترسیدارو جه‌رگ بڕه‌یه‌، که‌ له‌ نێوان ده‌سه‌ڵاتی سیاسی کوردی‌و جه‌ماوه‌ردا په‌یدا بووه‌. متمانه‌و باوه‌ڕ به‌ ده‌سه‌ڵات، لای زۆرینه‌ی خه‌ڵک، به‌داخه‌وه‌ له‌ خواره‌وه‌ی سفردایه‌! ته‌نیا کۆمه‌ڵێک کاسه‌لێس و ده‌هۆڵ ژه‌ن نه‌بێت، که‌ وه‌ک منداڵه‌ وردکه‌، له‌دواوه‌ که‌له‌ئه‌نگوچکه‌کانیان گرتووه‌!!!

له‌ پێناو نوقڵ و ڕازیکردنی گه‌وره‌کانیان، هه‌موو شتێک به‌به‌ره‌وا‌ژه‌وه‌ ده‌بینن و ڕه‌ش ده‌که‌ن به‌سپی و سپیش ده‌خه‌نه‌ جێگای ئه‌و. . ئه‌مه‌ش ئه‌و ڕاسته‌قینه‌یه‌ ڕوون ده‌کاته‌وه‌، که‌ دوژمنانی کورد، ئه‌گه‌ر له‌ سۆنگه‌ی گۆڕانی ته‌رازوو هاوسه‌نگی هێزه‌کانه‌وه‌، تا ئێستا نه‌شیابن ده‌ست له‌م ئه‌زموونه‌ پیرۆزه‌ی کورد بوه‌شێنن، ئه‌وا له‌ ناخه‌وه‌ هه‌ڵیانته‌کاندووه‌ و به‌ هۆی ئاستی نزمی ده‌سه‌ڵاته‌وه‌، دووچاری بێ هووده‌یی و که‌مته‌رخه‌میه‌کی کوشنده‌یان کردووه‌!!!

سه‌یره‌ . ئه‌مڕۆ ده‌سه‌ڵاتی سیاسی کوردی، به‌شێوه‌یه‌کی وا کوێرانه‌، پشت به‌هۆکاره‌ ده‌ره‌کیه‌کان ببه‌ستێ‌و هیچ فیه‌ت و بایه‌خێک بۆ جه‌ماوه‌ره‌که‌ی خۆی داده‌نێت. . هه‌ر کاتێکیش جه‌ماوه‌ر بیه‌وێت جوله‌یه‌ک بکات و (وه‌ک له‌ خۆنیشاندانه‌کانی قوتابیان ڕوویدا) . هه‌مان گاردو پاسه‌وانانی کۆنی بۆنجه‌نه‌وه‌ گه‌ڕ. ده‌بێ ده‌سه‌ڵاتی کوردی، ده‌رک به‌و ڕاستیه‌ بکات، هۆکاره‌ ده‌ره‌کیه‌کان ناتوانن تاسه‌ر پشتی ئه‌و هێزه‌ بگرن جه‌ماوه‌ری له‌گه‌ڵدا نه‌بێت. . ئاماده‌ نین به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانی خۆیان له‌به‌ر خاتری چاوی ڕه‌شی هیچ که‌سێک بخه‌نه‌ مه‌ترسیه‌وه‌. . بۆیه‌ به‌گوێره‌ی ئه‌زموونه‌کانی پێشێنه‌، له‌و حاله‌تانه‌دا ئه‌وان هه‌میشه‌ بیر له‌ ئه‌لته‌رناتیڤێک ده‌که‌نه‌وه‌. . !!!؟

سه‌یره‌ . ده‌سه‌ڵاتێک له‌کانگای میلله‌ته‌وه‌ هه‌ڵقولابێت، له‌ سایه‌ی ڕه‌فتاره‌ ناشایسته‌کانی ئه‌ودا، گیانی نه‌ته‌وایه‌تی به‌م شێوه‌یه‌ زینده‌ به‌چاڵ بکرێ‌و په‌تای بێ وره‌یی و بێ هه‌ڵوێستی‌و خۆپه‌رستی، گیانی به‌شێکی زۆری کۆمه‌ڵگاکه‌ی بته‌نێ! به‌تایبه‌تیش ئه‌و که‌سانه‌ی ده‌سه‌ڵات به‌پشت و په‌نای خۆیان تێده‌گات و به‌تاکه‌ سواری گۆڕه‌پانیان ده‌ژمێرێ! ئه‌مه‌ش له‌ دوو ڕاڤه‌کردن زێتر به‌خۆوه‌ هه‌ڵناگرێ. یا ده‌سه‌ڵات له‌ پشت په‌رده‌و دیواره‌کانه‌وه‌، به‌چاو به‌ستراوی حوکم و ده‌کات و ئاگای له‌ هیچ نیه‌! یاخود به‌زۆرزانیه‌وه‌ ده‌یه‌وێ کۆمه‌ڵگا به‌ره‌و داڕمان و ئیفلیج بوونی به‌رێ. له‌هه‌ردوو باره‌که‌شدا، کاره‌ساتێکی گه‌وره‌یه‌ بۆ سه‌ر دۆزی کورد! ئه‌و چه‌شنه‌ هه‌ست به‌ لێپرسراویه‌تی نه‌کردنه‌، ده‌روازه‌یه‌که‌ به‌ره‌و هه‌ڵدێرێکی ترسناک و قووڵ. سه‌ره‌تای مه‌ترسیه‌که‌ش له‌ تانه‌و ته‌شه‌رو توانجه‌کانی سه‌رشه‌قامه‌کانه‌وه‌ ده‌ست پێده‌کات، که‌ ئێستا له‌ هه‌رمێن و چله‌ پۆپه‌یدایه‌! شوێنه‌واری ئه‌وه‌ش ڕێزنه‌گرتنی پێویستی ده‌سه‌ڵاته‌! که‌ بۆته‌ بنێشته‌ خۆشه‌ی سه‌رزاری دۆست و دوژمنان. دڵسۆزانی زویرو نیگه‌ران کردووه‌، دوژمنانیشی به‌فرفێنگ و خه‌نی کردووه‌! دیاره‌ ئه‌مه‌ش، له‌ مێژووی هه‌موو ده‌سه‌ڵاته‌ سیاسیه‌کاندا، به‌ده‌ستپێکێک داده‌نرێت بۆ ڕه‌تکردنه‌وه‌، بۆ یاخی بوون و به‌ره‌نگار بوونه‌وه‌. ئه‌گه‌ر ئه‌و باره‌ ناسکه‌ی دۆزی کوردو، ئه‌و باره‌ ئاڵۆزه‌ی ناوچه‌یی و نێو ده‌وڵتی نه‌بوایه‌، که‌ هه‌ڕه‌شه‌یه‌کی ڕاسته‌وخۆ له‌و خه‌ونه‌و ئه‌زموونه‌ی کورد ده‌که‌ن، هاوکات ئه‌گه‌ر هوشیاری و دڵسۆزی به‌رامبه‌ر ئه‌و دۆزه‌و ده‌سه‌ڵاته‌ سیاسیه‌که‌یدا نه‌بوایه‌، له‌مێژبوو ئه‌و باره‌ چیتر قبووڵ نه‌ده‌کراو به‌چه‌شنێکی تر وه‌رده‌ چه‌رخا!!!

ئه‌وه‌ی جێگای داخ و ئه‌فسووسه‌، ئه‌و دابڕانه‌ گه‌وره‌یه‌ له‌ کاتێکدا هاتۆته‌ ئارا، ناوچه‌که‌ به‌ گشتی‌و کوردستان به‌تایبه‌تی، له‌به‌رده‌م تاقیکردنه‌وه‌و هه‌ڕه‌شه‌یه‌کی تر سناکدایه‌ !گه‌لی کورد، له‌ هه‌موو سات و کاتێکدا زێتر پێویستی به‌ته‌بایی و یه‌ک ریزی هه‌یه‌، له‌ نێوان جه‌ماوه‌رو ده‌سه‌لاتی سیاسیدا !!!

له‌ گشت ڕاسته‌قینه‌کانیش تاڵتر ئه‌وه‌یه‌، ئه‌و حزبانه‌ی ئه‌مڕۆ ده‌سه‌لاتی سیاسی کوردی به‌ڕێوه‌ده‌به‌ن، هه‌رچه‌نده‌ دوچاری گه‌نده‌ڵی‌و ناله‌باریه‌کی بێ وێنه‌ هاتوون ! درمێکی کوشنده‌ هه‌موو جه‌سته‌یانی ته‌نیوه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا، چاره‌نووسی ئه‌م گه‌له‌ بن ده‌ست و په‌ژموورده‌یه‌، به‌ چاره‌نووسی ئه‌وان به‌ستراوه‌ته‌وه‌. نه‌مان و شکست هێنانی ئه‌وان به‌ مه‌رگی ئه‌و ئه‌زموونه‌ی کورد ته‌واو ده‌بێت، چونکه‌ به‌رهه‌می ده‌یان ساڵ خه‌بات و قوربانیدانی ئه‌م گه‌له‌ن. هاوکات له‌ کاتێکی وا ته‌نگه‌تاو چاره‌نووس ئامێزدا، ناکرێت حزبێکی له‌وانه‌ خاوه‌ن ئه‌زموونتر له‌ دایک ببێت و بتوانێ به‌ره‌و ئه‌و هه‌ڕه‌شه‌ گه‌وره‌و نزیکانه‌ بێته‌وه‌، که‌ له‌به‌رده‌م پێشوه‌چوونی دۆزی کورداندایه‌. بۆیه‌ باشتر وایه‌ پێکهاتنه‌وه‌یه‌ک بکرێ وله‌ جیاتی ئه‌و پشت گوێخستن و له‌یه‌ک دابڕانه‌، پێویسته‌ هه‌ردوولا ( ده‌سه‌لات و جه‌ماوه‌ر) وردترو ئه‌قلمه‌ندانه‌تر له‌ کاودانه‌که‌ ڕامێنن و هاریکاری یه‌کتر

بکەن، بە پلەی یەکەمیش حزبەکان ! دەبێ بوێرانەتر بەرەورووی کەم و کورپەکانی خۆیان ببنەوەو چاکسازیو چارەسەری گەندەڵی ریزەکانی خۆیان بکەن. چەند کەسانێکی هەلپەرست و ترسنۆکیان لێ زویر ببێت باشترە لەوەی سەرلەبەری گەلێک لەخۆیان بتۆرێنن ! دەبێ دڵنیابن لەوەی ئەوان بە پلەی یەکەم بەرپرسیارن لەو تەنگژەیەی لەنێوان ئەوان و جەماوەردا لە ئارادایە. رەفتارەکانی ئەوانە بێ متمانەییو بێ هوودەیی لای جەماوەر دروست کردووە. داو دەزگاکانی ئەوان، گەندەڵ بووەو بەگیانێکی دوور لە دیموکراسی و هەوێن کراو بەگیانی دوژمنانەوە، مامەڵە لەگەڵ گەلدا دەکەن، دەیانەوێ ئەو گەلە چاو نەترسە، وەک ئەسپێکی چەمووش و تەریو، بە شێوەیەک رام بکەن، گیانی شۆڕشگێری و بەرەنگاربوونەوەی لەناخدا سەرکوت بکەن! بە چەشنێک، دوژمنانی کورد هەموو جۆرە چەکێکیان بەکار هێناو ئەمەیان بۆ نەهاتە دی. هاوکات پێویستە جەماوەریش، بە دەروونێکی فراوانترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو حزبانەدا بکات. بەو شێوەیەی ئێستا خۆی لێیان بێبەری نەکات و وابەئاسانیش دەست بەرداری ئەو دەسکەوتە مەزنانەی خۆی نەبێت، کە لافاوی خوێنی لە پێناودا رشتووە! کۆڵ دان و سارد بوونەوەی ئەوانیش، نسکۆیەکی گەورەیەو مەترسیەکی پڕ لە ژان و ئازاری لەسەر چارەنووسی کوردو ئەو ئەزموونەدا هەیە. دەبێ ئەوانیش بوێرانەو بەهەست کردن بە لێپرسراویەتی مێژووی خۆیانەوە، پشتی ئەو دەسەڵاتە بگرن، لە رێگای رەخنەی بنیاتنەرانەو رەفتاری شارستانیانەوە، بیرو باوەڕەکانی خۆیان بە دڵسۆزی دەربڕن، بەمەش لەلایەک خزمەتی میللەتەکەی خۆیانی پێ بکەن، لە لایەکی تر، پڕوپاگەندەو درۆو دەلەسەی دوژمنان چرووک پێ بکەن، کە دەیانەوێ ئادگاری ئەو ئەزموونە تێک بدەن و بیشێوێنن. .

kamaranmantik@yahoo. co.uk

تێبینی : داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەرێز دەکەم کە بەهۆی هەڵەی چاپەوە لاپەرەیەک لەم نووسینەدا پەڕیبوو

نووسەر

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.........  ١٥-١-٢٠٠٣